# تاکو کەنگێ مەندن

ئیبراهیم مێهماندوست
mehmandoost58@yahoo.com

ساڵی نەوە!
دەریای بیرو ببزوێنن
کاتی مێشك تەکانی‌یە،
چەشنی بێشکەی بوومەلەرزە
هەڵتەکێنن زەوی ڤاقڕ
کاتێ وەرزی ویشکانی‌یە
ئێوە تاکو کەنگێ مەندن
لە کۆتو زنجیرا بەندن.
پەنجەکانتان بدەن بە دەست بای شەقشەقە
تا جرەقەی هاوار بزێت
ڕەنگ داتەوە لە ئاوێنەی ئەو ئەستێرەی
پەل داوێ تا لە خەونێکی ئاسن خزێت
ئێوە تاکو کەنگێ مەندن
لە کۆتو زنجیرا بەندن.
دایکی ڕووبار
بهەژێنن چەشنی تۆفانی جەزم بوو
تا هرووژمی گڕ گرتووی ئەو شەپۆلانە
کە دایمە لە هەڵچوون دانە
چەخماخە بخەنە قەراخی خەواڵوو
ئێوە تاکو کەنگێ مەندن
لە کۆتو زنجیرا بەندن

**کۆیە ـــ ڕەشەمەی 1378ی هەتاوی**

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003